# وەزیری ناوەخۆی عێراق کێشەی پەساپۆرت بەدیاری بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێ،

## بەڕێز: لیوا موحسین عوسمان لەم مەسەلەیە دەدوێ

**رۆژی گەل بەپێویستی زانی چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزیان بکات بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لەنزیکەوە ئاگاداری ئەوەبن کە وەستاندنی پەساپۆرت لەشارەکانی هەرێمی کوردستان هۆکارەکەی بۆچ دەگەڕێتەوە، چ هەنگاوێك نراوە تا کۆتایی بەو کێشەیە بێت‌و هاووڵاتیان لەچاوەڕوانی ناردنی پەساپۆرت رزگاریان بێت.**

**پرسیار: وەك زانیومانە کێشەی پەساپۆرت هەیە حەزدەکەین بەڕێزتان ئاماژە بەهۆکارەکانی ئەم کێشەیە بدەن؟**

وەڵام/ ئێمە لەکێشەکانی خۆمانەوە دەڕوانینە مەسەلەکان، کێشەی پەساپۆرتیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەزیری ناوخۆی عێراق بەفەرمانێك وەستاندوویەتی، بەتایبەتی لەشارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك کە ئێستا پەساپۆرت دروست ناکرێ‌و هاووڵاتیان پەکیان کەوتووە، ناتوانن سەفەر بکەن، لەبێ پەساپۆرتی دەناڵێنن.

**پرسیار:هیچ هەنگاوێکتان ناوە بۆئەوەی چارەسەرێك بۆئەم کێشەیە بکەن؟**

وەڵام/ بەڵێ ئێمە لەڕێگەی خۆمانەوە هەوڵمانداوە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین لەرێگای وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوی ڕەسمیمان ناردووە، وەهەروەها لەهەولێریش دووجار نووسراوی ڕەسمی ڕەوانەکراوە، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوە.

**پرسیار: باس لەوە دەکرێ کە لەوڵاتی تورکیا پەساپۆرت گەڕاوەتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ناوی کوردی لەسەر پەساپۆرتەکە نووسراوە؟.**

وەڵام/ ئێمە ئاگاداری شتی وا نین، پەساپۆرت بەزمانی کوردی هیچی لەسەر نانووسرێ، بەڵام ئەگەر پەساپۆرتیشیان لەخەڵك گێڕابێتەوە، لەبەر ناوەکە نەبووە، بەڵکو هۆکاری تری لەپشتەوە بووە، بەڵام گومانێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مۆری فرۆکەخانەی سلێمانی بەزمانی کوردی لەسەری نووسراوە. هەروەها فرۆکەخانەی هەولێریش وەکو ئێمە ئێستا مۆرەکەیان کردووە بەزمانی کوردی، لەوانەیە ئەمە هۆکارێك بێت، بەڵام باوەڕیش ناکەم کە پەساپۆرت گەڕابێتەوە. پەساپۆرتەکانی ئێمە هیچ کەم‌و کوڕییەکیان نییە، هاووڵاتیان دەتوانن سەفەری پێبکەن.

**پرسیار: وەك زانیومانە کە وەزیری ناوەخۆی عێراق لەفەرمانێکدا رۆژی ٢٠ حوزەیرانی ئەم ساڵ کە بۆ بەڕێوەبەریەتییەکانی سەر بەوەزارەتی ناوەخۆی ناردووە، داوای کردووە کە دەبێ هەموو پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی نووسینگەی وەزیری ناوەخۆی عێراقەوە بێ‌و ئێوە لێکدانەوەتان بۆ ئەمە چییە؟.**




وەڵام/ ئێمە بڵاوکراوەیەکمان بینیووە، ساڵی ١٩٩٨ لەسەردەمی رژێمی بەعس دەرچووە، فەرمانێکیان دەرکردووە بەژمارە ١٠٨ تیایدا هاتووە: کە نابێ وەسائیقی سەفەرو موستەمسەکاتی سەفەر بدرێتە پارێزگاکانی شیمال. تەنها لەرێگەی نووسینگەی تایبەتی وەزیری ناوەخۆی عێراقەوە نەبێ، کەچی ئێستا وەزیری ناوەخۆی عێراق هەمان بڕیاری ١٠٨ ی سەردەمی رژێمی بەعسی دووبارە کردۆتەوە، دەڵێت: هەموو ئەو موستەمسەکاتەی پەساپۆرت نابێ نووسینگەی جنسیەی عامە لەبەغدا بیداتە شارەکان. تەنها لەرێگەی ئێمەو نووسینگەی تایبەتی وەزیری ناوەخۆی عێراقەوە نەبێت. لەو بڕیارەوە ئێمە کێشەمان بۆ دروست بووە، هەروەها نووسراومان بۆ شەخسی وەزیریش کردووە پەساپۆرتی بۆ نەناردووین، بەڵام ئومێدەوارین ئەم کێشەیە چارەسەربکرێ‌و تا هاووڵاتیان بتوانن بەئاسانی پەساپۆرت دەربهێنن.

**سازدانی/ رۆژگار موحسین**

# پەیامی خەڵک

* پۆلیسی هاتووچۆ رێنمایی وڵاتییان دەکات لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل، خۆیان ببەستنەوەو ئەگەر خۆشیان نەبەستنەوە ئەوە غەرامەی ئەو شۆفێرانە دەکات، کەچی هەندێ پۆلیسی هاتووچۆ هەن، لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکانیان‌و کاتی دەوامی رەسمیش خۆیان نابەستنەوەو گوێ نادەنە یاسا. ئایا یاسا بەس بۆ خەڵکی مەدەنییە؟.

**فەرمان عەبدوڵڵا**

* لەکاتێکدا باس لە دیموکراسی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێ، کەچی تازە بەتازە حکومەتی هەرێم لەدوایین داهێنانی خۆیدا بڕیاری هەڵواسینی وێنەی بەڕێزان سەرکۆماری عێراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدات‌و داوا دەکات لەتەواوی دامودەزگاکان بەجووتە هەڵبواسرێن.

**مام عەزیز**

* لەسەر رێگەی نێوان کەسنەزان‌و گۆمەسپان کارخانەی هاشم ئۆغلو – شەرەفهان دامەزراوە، بەڵام هیچ پێوانەیەك بۆ ژینگەو لەشساغی نەکراوە، بەردەوام تۆزو خۆڵێکی خەست بەسەر رێبواران دەبارێنێ، تۆ بڵێی ئەم هاشم ئۆغلووە بەرپرس یان خزمی سەرکردەیەك بێ!.

**شۆفێرێك**

بەرپرسەکان بۆخۆیان کەم نەبوون، کەچی ژن‌و منداڵەکانیشیان هاتنەسەر، لەم رۆژانەدا لە چێشتخانە تازەکەی تووی مەلیك خواردنمان دەخوارد، هەر هێندەمان زانی ریزێك مۆنیکای پڕ لەچەکدار هاتن، ئەوسا کچی بەرپرسێکی گەورە کە قەمەرەیەکی مۆدیل ٢٠٠٦ی لێدەخوڕی بەنازەوە دابەزی، چەکدارەکانیش چێشتخانەکەیان کۆنترۆڵ کردو بازنەیەکیان بە دەوریدا دروست کرد.

**مازن. ك**

# دۆزەخی ئێمەو بەهەشتی ئەوان

**لەتیف عوسمان ئاسۆ**

دەزانین لەدونیایی ئەودیوو، خواد دوو شوێنی بۆ بەندەکانی خۆی دیاری کردووە، بەهەشت‌و دۆزەخ. بەهەشت ئەم شوێنە خۆشەیە بۆ ئەو کەسانەی ئیماندارن، هەرگیز بێ فەرمانی خودایان نەکردووە، هەمیشە ترسی خوایان لەدڵ دابووە. زۆربەمان دەزانین لەقورئانی پیرۆز کە چۆن پێناسەی بەهەشت کراوە هەر لەفریشتەی جوان‌و ناسك‌و ئاوی کەوسەرو جۆرەها میوەی بەتام، ئەمانە هەمووی خەڵاتن بۆ ئەو بەندەیەی کە بەڕاستی ملکەچی فەرمانەکانی یەزدان بووە. دۆزەخ شوێنی توندترین سزا دەرهەق بەو کەسانەی کە لەفەرمانەکانی خودێ سەرپێچییان کردووە، تا ئێرە سووکە پێناسەیەکی بەهەشت‌و دۆزەخ لەدوای مردن دەبێتە سزاو خەڵاتی بەنی ئادەم لەسەر ڕووی ئەم زەوییە. بەهەشت‌و دۆزەخ دروست کراوە کە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی یەکەم، زۆرن لەم لێپرسراوانەی کە هەرگیز بڕوایان بەخەباتی ڕەوای گەلەکەمان نەبووە، ئێستا بەناوی ئیمانداری کوردانە لەبەهەشتی ئەم ژیانەدا دەژین. هەیە تاسەر ئێسقان لەپێناوی مافی کورد، ئازاری چەشتووە، کەچی بوویتە سووتەمەنی دۆزەخی ئەم ژیانە. رۆژانە لەنێو شارەکەم چەندان کۆشك‌و تەلاری لێپرسراوان دەبینم زۆر بەئاسانی بەهەشتێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە، هەر لەشارە خۆشەویستەکەم رۆژانە هەزاران کەس لەنێو دۆزەخی ئەم ژیانەدا دەسووتێن، رۆژانە لەخۆمان دەپرسین بۆ لەکەمترین پێداویستی ژیان بێبەشین؟.

یەکێ لەلێپرسراوێکی گەلەکەم زۆر بەستەزمان بوو کە دەیگوت: بەڕاستی مووچەکەم زۆر کەمە چوار ملیۆن دینارە، لەگەڵ هەموو پێداویستییەکی ژیانی کە مسۆگەر کراوە بەداخەوە بۆ ئەم فەرمانبەرەی کە مووچەکەی ناگاتە (١٥٠) هەزار دینار لەگەڵ کرێی خانوو، ئەمە مشتێ نموونەی خەروارێکە، ئەوەیە ژیانی دۆزەخی ئێمەو بەهەشتی ئەوان.

# ...... بۆ ئێوەو کارەباش بۆ ئێمە!

**زانکۆ سەردار**

شەوان کە لە ماڵەوەیت و گەرەگتە کەمێك هیلاکی‌و گەرمای رۆژ بکەیتە یادگارییەکی نیشتمانی ئازیز. واهەست دەکەیت لە ناو مەنجەڵێکی بوخاردایت و ئێستا نا ئێستا دەبیتە تۆکاو، خۆ ئەگەر بێت و بشچیتە سەربان کە هەندێك ماڵ نیانە. ئەوا مێش و مەگەز وازت لێناهێنن. ئەو مێش و مەگەزانەش هی ئەوەیە کە حەوشەی ماڵەکانمان لەگەڵ زبڵخانەدا هیچ جیاوازیەکیان نیە. چونکە خوانەیبڕێ سەیارەی زبڵخانەکە دووسێ رۆژجارێك، وەك ئەوەی پێشبڕکێی هەبێت، هەر هێندە دەزانیت بەلای کۆڵانەکەدا گیڤە دەکات، ئیتر تۆی نەگبەت هەمیشە دەبێت لە کەمیندا بیت تا بە هەزار منەت خۆڵەکەت بۆ فڕێ دەدەن، ئەگەرنا ئەوا سیر بخۆو زوڕنا لێبدە..

جا بەراستی من بۆیە لێرەدا ئەوە باس دەکەم چونکە خەریکە دەکەومە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی بەرپرسە نەمنداڵی هەیە تا زەرد هەڵگەڕێ لە تاو گەرماو توشی سك چوون بێت و بە سەعات ١٢ی شەو بیگەیەنێتە نەخۆشخانەو نەژنیشی هەیە تا بە وەی گەرما و وەی بێ ئاویی و وەی بۆنی خۆڵ گوشتمی ناو جەرگی بخوات. وە نە دراوسێیەکی بەویژدانیشیان هەیە کە بەدەنگی شرە مۆلیدەیەك ئیزعاجیان بکات..

بەڵام لەگەل ئەوەشدا من هەمیشە دەڵێم ئافەرین حکومەت.. بەڕاستی باش هەموومانی بە نەبوونی کارەباو هەبوونی خۆڵ و کۆمەڵێ شت مەشغوڵ کردوە کە زۆر سادەیە، کە بچوکترین مافی سەرەتایی خۆمانە.. بەراستی ئەمەش وای لێکردوین کە ئەوەندەی بیر لە سوکە ژیانێکی خۆش، یان بیر لەداهێنانێکی ئەدەبی یان سیاسی بکەینەوە.. هەمووومان تەنها "خوا پێداوەکان"نەبێت بیر لە ئاو و کارەباو بەنزین و خۆڵ و ئەم جۆرە شتانە بکەینەوە..

عەجیب حکومەت چۆن دەهریەت دەکات.. چۆن وڕوکاست دەکات..؟ وات لێدەکات بە زۆری زۆرداری قسەبکەیت‌و دوایش پێت دەڵێت"گەنجی ئەمڕۆ لە هیچ شتێ رازی نیە.." وات لێدەکات بە هەرچوار پەل سەمابکەیت و بڵێیت کاکە.. من تابینا قاقام زوخاوە.. کاکە من ژیانی وەهام ناوێت، ئەگەر ژیان لەژێر سایەی دەستەلاتی ئێوەدا وەهایە ئەوە پیرۆزی خۆتان بێت..

ئاخرحکومەت گیان.. وەرەو بەو عەقڵیەتە کورد پەروەرانەی کە هەمیشە کردومانەتە دروشمی بریقەدار با چارەسەرێکی دوور لە دەستی تێك دەر بۆ ئەم وەزعە بدۆزینەوە. ئاخر ئێمە هەریەکەمان وامان لێهاتووە کە شتێك دەڵێین تەواو لەرووی هەڵچونەوەیە، چونکە ئەوە حکومەتە کەوات لێدەکات نەك کتێبێك بەڵکە تاقەتی خۆشتت نەبێت.. ئاخر وات لێدەکات ئیمانت نەبەزانست‌و نە بەمەعریفەو کورد بونیشت نەمێنێ‌و لەبری ئەوەی قسەیەکت لەسەر رەوشی سیاسی‌و رۆشنبیری هەبێت. دێیت‌و قسە لەسەر کۆمەڵێك شت دەکەیت کە ئەسڵەن مایەی پێکەنینە..

جا بۆ ئەوەی درێژە بە بابەتەك نەدەم، بۆئەوەی بتوانرێ لەستونی رۆژنامەیەکدا دابەزێنرێ‌و بەشکم خوا بیخاتە دڵی بەرپرسانەوە، تاچارەسەرێك بۆ ئەم حاڵەی دوای ١٥ساڵە دابنێین.. بۆیە لەدواین دێڕەکانمدا هێندە دەڵێم: بەرێزینە من دەزانم ئێوە خۆڵتان نیەو کارەبای باشتان هەیە. وە ئێمەش کارەبامان نیەو خۆڵی باشمان هەیە.. گەر دەکرێ بۆ ماوەی‌هەفتەیەك یان جێگاکانمان یان شتەکانمان کە دەگاتە "خۆڵ و کارەبا" بگۆڕینەوە، جا ئەگەر ئێوە ئەو هەفتەیە تەحەمولتان کرد ئەوا من بەڵێن دەدەم گەر لەوەش خراپترم بینی قسە نەکەم..

# وەزارەتی رۆشنبیری وەڵامی یەکێتی میدیای ئەلکترۆنی کوردستان دەداتەوە

بەگوێرەی راگەیاندراوەکان، ماوەیەکە کۆمیتەی کاتی یەکێتی میدیای ئەلکترۆنی کوردستان ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی یەکەمین کۆنگرەی خۆی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش رەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی یەکێتیەکەی ئامادە کردبوو، چاوەڕوان بوو دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە هاوکاری لەحکومەتی هەرێم بخوازێ‌و کۆنگرەکە لەشارێکی باشووری کوردستان ببەستێ. کۆمیتەی کاتی سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کردبوو، کەچی وەزارەتی رۆشنبیری بەبیانۆی سەرقاڵی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەنەرێ وەڵامی دابوونەوە.

دواتر کۆمیتەی کاتی لەروونکردنەوەیەدا نیگەرانی خۆی بەرانبەر بەوەڵامی وەزارەتی رۆشنبیری دەربڕیوەو لەدوایین کۆبوونەوەی خۆیدا کە رۆژی ١٣-٨-٢٠٠٦ پێکهاتووە، بڕیاری داوە لەنزیکترین دەرفەتدا کۆنگرەی یەکێتی میدیای ئەلکترۆنی کوردستان لەدەرەوەی وڵات ببەسترێ. لەپێوەندی ئەم بابەتەدا ئاژانسی نووچێن کوردستان پاساوی وەزارەتی رۆشنبیری بێ بنەما داناوەو دیاری کردووە کە ماوەیەك لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بودجەی خۆی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی بۆ رۆژنامەوان‌و نووسەرانی کورد و عەرەب بەناوی کۆنگرەی ئەلمەدا پێك هێنابوو، زیاتر لە سەد هەزار دۆلاری سەرف کردبوو، زۆربەی ئەو عەرەبانەی بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کردبوو پێشتر دوژمنایەتیان لەبەرانبەر گەلی کورد پیشان دابوو، بۆیە ئاژانسەکە پێیوایە چونکە یەکێتی میدیای ئەلکترۆنی ئامادە نەبووە سەربەخۆیی خۆی بە پارتە دەستەلاتدارەکان بسپێرێ بۆیە پێشوازی لە داواکەیان نەکراوە.

# کێشەکانی گەنج

**هۆگر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا هیچ گرنگییەکی بە گەنجەکانی کوردستان نەداوە، تائێستا لەکوردستاندا هیچ کارێکی وانەکراوە تا گەنجان رازیبکات، بۆ تائێستا حکومەت ئاوڕێکی لەگەنجان نەداوەتەوە؟ گەنجەکان بەهیچ شێوەیەك تائێستا لەحکومەت ڕازینین، لەبەرئەوەی تائێستا هیچ پرۆژەیەکی تایبەت بۆگەنجەکان نەکراوە، پێویستە لەسەر حکومەت ئاوڕێك لەگەنجەکان بداتەوە لەبەر ئەوەی گەنج نوێژێکی گرنگە لەکۆمەڵگەدا، تائێستا کارێکی وانەکراوە کەئاستی ڕۆشنبیری‌و زانستی گەنجان بەرەو پێشبەرن، پێویستە لەسەر حکومەت گرنگی بدات بەو ناوەندو ڕێکخراوانەی کەمەبەستیان بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی‌و ڕۆشنبیری گەنجانە، پێویستە لەسەر حکومەت زیاتر گرنگی بدات بەگەنجانو سەنتەرێکی نوێ دروست بکات بۆ ئەوەی گەنجان هەوڵبدەن ئاستی زانستی خۆیانی تێدا پەرە پێبدەن. هەندێك گەنج هەیە کەپلەی خوێندنی بەرزەو بەڵام لەبەر کەمدەرامەتی‌و بژێوی ژیانی وازی لەخوێندن هێناوە، دەبا حکومەت ئاوڕێك لەو گەنجانە بداتەوە، بۆچی ئەو گەنجانە لەبەر باری ئابوری واز لەهەموو ئاواتەکانیان بهێنن؟ بەسە گەندەڵی، بۆگەنجەکان لەناو بازاڕدا بسوڕێنەوەو ئاستی ڕۆشنبیرییان لاوازبێت، ئەگەر شوێنێك هەبێت بۆگەنجەکان کەئاستی زانستیان بەرەو پێشببەن، ئەوا گەنجەکان ڕوی تێدەکەن. بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری‌و زانستی گەنجەکان بەرەو پێش ببرێت پێویستە زیاتر گرنگی بدرێت بە سەنتەرو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان.

# بۆچی رێگری لەگرانی ناکەن!!

جاران ئەگەر کیلۆی تەماتە بە ١٥٠ دینار بووبێ، ئێستا بۆتە ٧٥٠ دینار. نرخی تاکسی لە ١٠٠٠ دینارەوە بۆتە ٣٠٠٠ دینار. ئەگەر جاران دەتوانرا بەهەشتا هەزار دینار ژوورێك بەکرێ بگرین، ئێستا ناتوانین هەمان ژوور بە ٢ گەڵا بگرین. کارەبا لەتامی بردۆتە دەرێ، دەبێ بڵێین: هەزار خۆزگەمان بەپار کە هەموومان گلەییمان لەکەم کارەبایی دەکرد.

پار ئەوکاتە زۆر ئاسانتر لەئێستا لیتری بەنزینمان بە ١٠٠ دینار دەکڕی، ئێستا بە هەزار دەردە سەری بە ١٠٠٠ دیناریش دەست ناکەوێ. سەرتاشەکان نرخیان لە ١٥٠٠ دینارەوە گەیاندۆتە ٣٠٠٠ دینار. دوو ساڵ لەمەوبەر ئەگەر نرخی خانووێك ١ دەفتەر دۆلار بووبێ، ئێستا بێ خەم بۆتە ٦ دەفتەر گەڵای سەوز.

من وەك فەرمانبەرێك مافی خۆمە بپرسم: ئەرێ کێ لەگرانبوونی نرخ بەرپرسیارە؟!. کەی ئاوڕ لەخەڵکی هەژار دەدەنەوەو چیتر کۆسپ‌و تەگەرە ناخەنە سەر رێگەیانەوە؟!.

**فەرمانبەرێك**